# هەڵبژاردنی عیراق چارەنوسی کوردستان بەرەو هەڵدێر دەبات

دەوری هەردوو حیزبی دەسەلاتدار لە کوردستاندا لە"پرۆسەی سیاسی" دروستکردنەوەی دەولەتی عیراق ، بریتی بوە لە پرۆسەی لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە. ئەم پرۆسەیە کە بە هەڵبژاردنەکان و دانانی دەستوور بەڕێوە چووە لە واقعدا چۆنیەتی پێناسەکردنەوەیەکی سەرلەنوێی لکاندنەوەی کوردستان و چونەوە ژێر ڕکێفی سیستەمی مەرکەزی عێراقێکی ئیسلامی و عروبەیە.

ئەم پرۆسەیە کە بەر گرتنە بە خواستی جیابونەوەی کوردستانو دەولەتی سەر بەخۆ، ئەم جارەش لەلایەن لیستی هاوپەیمانیتی کوردستان 730 لەم هەلبژاردنەدا چارەنوسی کوردستان دەخاتەوە نیۆ گێژاوی شەری تائفیو قەومی عیراقەوە. پرسیاری دەبێت خەڵکی کوردستان لەم لیستەی بکات ئەوەیە کە ،بۆچی چارەنوسی کوردستانتان لەم پرۆسەی هەڵدێر و قوماری هەڵبژاردنانەدا داناوە؟ ئایا دەورەی پێشوو نەتان ووت بە دەنگدان بۆ لیستەکەتان کوردستان لەم هەڕەشانە ڕزگاری دەبێ؟ ئایا نەتان ووت بە دەنگدانتان بۆ دەستوری عێراق چارەنوسی کوردستان لە ئەنفال و ستەم ڕزگاردەکەن؟ ئێستاش کاتێك یەکێتی و پارتی دەڵێن ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا خەڵك دەنگیان پێنەدا ، ناسیونالیزمی عەرەبی سونە و شیعە و بەعسیەکان چارەنوسی کوردستان دەخەنە خەتەرەوە، دەبێ بپرسین تا چەند هەڵبژاردنی تر ئێوە چارەنوسی کوردستان دەخەنە ژێر رەحمەت و هەڕەشەی ئەم هێزانەوە ؟ ئایا تاکەی چارەنوسی کوردستان بەناو مینی چێنراوی ئەم هەڵبژاردنانەدا دەبەن و خەڵکی کوردستانیش دەکەن بە خەتابار، ئەگەر بوە قوربانی ئەم مینەچێنراوانەی هێزە شیعە و سونە و بەعسیەکان؟

خەڵکی کوردستان چیتر فریوی پروپاگەندانەو ئەو وەعدە درۆیانەی یەکێتی وپارتی ناخوات و چارەنوسی خۆی نابەستێتەوە بە دەنگدان و هەڵبژاردنیکەوە کە تەنها ماڧی مانەوەی کورسیو بەرژەوەندی ئەم حزبانەیە لە عیراقیکی ویرانو حالەتی جەنگدا ، نەك هیچ ماڧێکی خەڵکی دابین ناکات بەلکو چارەنوسی کوردستان دەخاتە ئەو پەری مەترسیەوە.

دەنگدان و بەشداری ئەم هەڵبژاردنە ڕێگەچارەی خەڵکی کوردستان نییە،ئەمە ڕێگای دابین کردن ومانەوەی بەشە دەسەڵاتی ئەم حزبانەیە و بەزۆر خەڵکی کوردستان بەدوایدا ڕاپێچ دەکەن. تەجروبەی رفراندۆمی دەستوور نیشانی دا کەخەڵکی کوردستان مقاتەعەی ئەم ڕێگای هەڵبژاردانانە دەکات. ئەم هەڵوێستەی خەڵك یەکێتی وپارتی هەراسان کردوە، لەلایەك بە وەعدەی درۆ و لەلایەکی تر بەهەڕەشە لە ئەندامانی خۆیان و کارمەندان و خەڵکی کوردستان دەیانەوێت خەڵك ناچار بکەن، ئێستا پروپاگەندەیەکی هەڕەشە ئامێزیان دەست پێکردوە بۆ دەمکوتکردنی نەیارانی ئەم هەڵبژاردنە چارە ڕەشە.

پێویستە وەڵامی ئەم هەڕەشانەی یەکێتی وپارتی بدرێتەوە و پێیان بوترێت کە ئەوە خەڵکی کوردستان نییە بەرپرسیارە لەو چارەنوسە ڕەشەی ئەم هەڵبژاردنەی بەعسیەکان وسونە وشیعەکان دەبنە هێزی باڵادەست ، بەڵکو ئەوە ئەم ڕێگاچارە وبەدیلەی یەکێتی وپارتییە کە چارەنوسی کوردستانی خستۆتە بەردەم گرەوێکی دۆڕاوەوە و ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو هەڵدێری زیاتری دەبات.

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوا لەخەڵکی کوردستان دەکات ئەم جارەش دەنگی بەرزی "نا" بە نەچون بۆ بنکەکانی دەنگدان بەرزکەنەوە، ئەم هەلبژاردنە پوچەل کەنەوەو ریسوای بکەن، بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا نەکەن کە

Tel :07701570050, 07701549800,00447760131203 Email:asokamal1@aol.com , zmnaco@yahoo.com

ناچاریان دەکات بە چوونەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەت و دەستوری ئیسلامی وشۆڤینیزمی عەرەبی لە عێراقدا، بە ئەحزابی دەسەلاتدار بسەلمێنن کە خەڵکی کوردستان بەزۆر ئەم ڕێگا وچارەنوسەی ژێردەستەبونەوەی بەسەردا ناسەپێنرێت. ئێمە خەڵکی کوردستان بانگەوازدەکەین بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی سەربەخۆیی کوردستان و گرتنە بەری ئەم ڕێگاچارەی سەربەخۆییە کە ئایندە و چارەنوسی مسۆگەر دەکات.

**کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

2005/12/05

Tel :07701570050, 07701549800,00447760131203 Email:asokamal1@aol.com , zmnaco@yahoo.com